# ریفراندۆم لە روانگەی هونەرمەندانەوە

بە درێژایی مێژووی دەیان ساڵەی خەباتی میللەتی کورد لە پێناو مانەوە و ئازادیدا لە هەموو پارچەکانی کوردستان، هونەرمەندانیش شان بە شانی پێشمەرگەکانی کوردستان بە هونەرەوە بەرگرییان لەو خاکەوە کردووە و هەزاران سروود و گۆرانییان بۆ خۆشەویستی وڵات هۆنیوەتەوە، ئێستاش کە میللەتی کورد لە باشووری کوردستان لەبەردەم تەحەددییەکی گەورەدایە کە بریتییە لە ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە ٢٥ی ئەیلوولی ئەمساڵ بێگومان هونەرمەندانیش راوبۆچوون و هەڵوێستی خۆیان لەو بارەوە دەبێت، هونەرمەندان بەم شێوەیە راو سەرنجی خۆیان دەربارەی پرسی ریفراندۆم خستۆتەڕوو.



هونەرمەند (عەبدولقەهار زاخۆیی):

## بە (بەڵێ) دەنگ بە سەربەخۆیی بدەن

هونەرمەند عەبدولقەهار زاخۆیی دەڵێت: هەمیشە دەبێت بە دوای شتێك بکەوین شەهیدانمان ڕووحیان ئاسوودە بێت، ڕیفراندۆمیش تاکە شتە کە خەونی هەموومانی تێدا بەرجەستە دەبێت، بۆیە بە تامەزرۆییەوە ڕوو دەکەینە سەندوقی دەنگدان و دەنگ بە (بەڵێ) دەدەم بۆ ڕیفراندۆم و داواش لە گشت جەماوەرەکەم دەکەم، بە گڕوتینێکی زۆرەوە ڕووبکەنە سەندوقی دەنگدان و بەشداربن لەو پرسە نەتەوایەتیەی کە ڕووبارێك خوێنمان لەو پێناوەدا ڕشتووە.



روبار شینۆ:

## چاوەڕوانی رۆژی سەربەخۆیین کە لە ئێستادا زۆر نزیک بووەتەوە

هونەرمەندی رۆژئاوای کوردستان روبار شینۆ لە بارەی پرسی ریفراندۆم دەڵێ: کوردستانە ناوی وڵاتەکەم ناوێکی چەند خۆش و رەنگینە، ئەم پارچە جوانەی نیشتمان دنیا کە وڵاتان دابەشیان کردووە بۆ دزین و بردنی سەروەت و سامان و خێرو بێرەکانی، میللەتی کورد ئەو میللەتە خێر لەخۆ نەدیو و چەوسێنراوە بە درێژایی مێژوو مافی خوراوە، بەڵام بەردەوام بووە لە خەبات و تێکۆشان و قوربانی دەدات بۆ رزگار کردنی هەموو پارچەکانی و کوردستان ببێتە یەك وڵاتی سەربەخۆ. ئێمەی کورد یەك میللەتین و شانازشی پێوە دەکەین لە هەر شوێنێکی جیهان بێت بەتایبەتی لە باشووری کوردستان بە رێبەرایەتی سەرۆك بارزانی، میللەتی ئێمە بە هەزاران شەهیدی بەخشیوە بۆ سەربەخۆیی وڵات، ئێمە بە تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی رۆژی سەربەخۆیین کە لە ئێستادا زۆر نزیك بووەتەوە، هیوادارم لە هەموو پارچەکانی کوردستان سەربەخۆیی بێتە دی و ئاڵای کوردستان بە رەنگە جوانەکانییەوە لە ئاسمانی وڵات بشەکێتەوە، بژی کورد، بژی کوردستانی سەربەخۆ.



دڵشاد حەمە سەعید:

## پارچە موزێکێکی تایبەت بۆ ڕیفراندۆم تۆمار دەکەین

موزیسیانی ناسراوی جیهانی کوردی دڵشاد محەمەد سەعید کە تا ئێستا چەندین شاکاری پێشکەش کردووە دواییینیان هەردوو شاکاری (شنگال) و (پێشمەرگە) بوو و ساڵانێکی زۆرە لە خزمەتی ڕەوتی هونەردا بەردەوامە، بگرە ساڵانێکی لە دەرەوەی کوردستان وەك ڕابەری سیمفۆنیا وانەی دەگووتەوە و چەندین کەسایەتی دیاریش وەك قوتابییەك لەسەر دەستی ئەو هونەرمەندە فێری موزیك بوون، لە بارەی ڕیفرادنۆمیشەوە ڕاشکاوانە دەڵێت: ئەگەر لە پرسێکی وادا بەشدار نەبین، مێژوو لە داهاتوودا زۆر بە توندی سزامان دەدات، ئێمە هەموو قوربانیەکمان بۆ سەربەخۆیی داوە، ناکرێت لە ڕیفراندۆم دا بێدەنگ بین، نەك تەنیا دەنگ بە (بەڵێ) دەدەم، پارچە موزیکێکی تایبەتیشی پێشکەش دەکەم، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ببێت یاد گارێکی جوان لە مێژووی ئەو نەتەوەیەدا.





# رۆژا (ریفراندۆمێ) رۆژا ملەتێ کوردە

* جەمال ئامێدی

ئەگەر خاندنەکا دیروکێ بکەین دبینین کو گەلێ کوردستانێ ئەڤە پترە ژ سەد ساڵە خەبات و تێکۆشینێ دکەت پێخەمەت مافێن خوە یێن رەوا، ژبەر ڤێ ئارمانجا مەزن چەندین شۆڕەشێن مەزن هاتینە ئەنجامدان ژوانا شۆڕەشا شێخ عەبدولسەلام بارزانی و دویڤدا یا بابێ رۆحێی نەمر مەلا مستەفا بارزانی. پشتی کو غەدر ل گەلێ کوردستانێ هاتیە کرن ژبەر رێکەفتنێن نێڤدەولەتی مینا پەیمانناما لۆزان، خوینەکار زۆر یا پیرۆز هاتیە رشتن داکو ئەڤ گەلە بگەهیتە مافێن خو.

پشتی سەرهەلدانا پیرۆز ل ساڵا ١٩٩١ سەرکردایەتیا کورد هەوڵدان بە هەمی رێکا کو رێك بکەڤن ب شێوازێ دانوستاندنێ دگەل حکومەتا عیراقی و چەندین جارا سەردان و کومبوون هاتینە ئەنجامدان و پشتی بورینا ١٤ ساڵان و ژبەر نە پێگیریا لایەنێ دووێی (حکومەتا عیراقێ) ب چەندین بابەتێن گرێدایی ب دەستوریڤە مینا برینا موچێن پێشمەرگێن قەهرەمان و فەرمانبەرا و نە پێگیری ب چەندین کێشەیێن هەلاویستی ژوانا جێبجیکرنا ماددا (١٤٠) و دەڤەرێن کوردستانی یێن دەرڤەی دەستهەڵاتا هەرێم و کێشێن نەفت و غازێ.

لەورا جەنابێ سەروکێ هەرێما کوردستانێ رێزدار مسعود بارزانی بڕیار دا کو کومبوونەك بهێتە کرن دگەل هەمی پارتێن سیاسی یێت باشورێ کوردستانێ و پشتی کوومبوون هاتیە ئەنجامدان بە سەرپەرشتیا جەنابێ سەروکێ هەرێمێ گەهشتنە وێ باوەرێ کو بڕیارەکێ دەربکەن ژ بوو بەرژەوەندیا گەلێ کوردستانێ دا بشێن ب دروستی ژیانا گەلێ کورد ب ئاقارەکێ دی ببەن، بو وێ چەندێ رۆژا٢٠١٧/٩/٢٥ هاتە دەستنیشان کرن وەك رۆژا (ریفراندۆمێ) واتە رۆژا ملەتێ کورد.


ئەڤجا پێدڤییە هەمی لایەنێن سیاسی د ئاستێ ڤێ بریارا مێژوویيدا بن ئەڤە بخودێ بیتە فاکتەرەك بو پتر سەرکەفتنا ڤێ پرۆسێ. داخازێ ژ گەلێ کوردستانێ دکەین ب ئەرکێ خوێ پیرۆز رابن و کێشێن بچوویك گوری یێن مەزنتر بکەت و بریارا خو ل رۆژا ٢٠١٧/٩/٢٥ ب ووشا (بە لێ) بدەن و پشتی هنگی هەولێت مەزن بهێنە دان ژ بو سەربەخو بوونا کوردستانێ، ملەتێ کوردستانێ ملەتەکێ جامێرە و هەژی وێ چەندێنە کو ببنە دەولەت دا خەونێن سەدەها ساڵێن چوی بهێتە جێبجیکرن و خوینا هزاران شەهیدان ب فیڕو نەچیت و هەمی نەتەوە و ئول برایانە پێکڤە بو گیانێ پاقژێ شەهیدا

بژی کورد. بژی کوردستان


* سەروکێ تیپا دهۆك یا موزیکی

ئیحسان عوسمان

# ئەکتەرانی چوار وڵات لە شانۆگەرییەک




ئیحسان عوسمان، دەرهێنەرێكی كوردە و چەند ساڵێك لەمەوبەر وەكوو هەزاران كوردی دیكە بە رێگەی قاچاخ خۆی گەیاندووەتە ئەڵمانیا، بۆ ئەوەی ئەو خەون و ئارەزووە لەمێژینەیەی بۆ كاری هونەری هەیەتی بیكاتە راستی، ئەو بە زەحمەتی و نەهامەتییەكی زۆر گەیشتە خەونەكانی، هەر بۆیە ئێستا ئەو نەهامەتیانە لە كارەكانیدا رەنگدەدەنەوە.دوایین كاری ئەو دەرهێنەرە شانۆگەرییەكە بەناوی «لەژێر باراندا چاوەڕێ دەكەین». ئەوەی ئیحسان كردوویەتی، رەنگە بە نەتەوە یەكگرتووەكانیش نەكرێ، چونكە ئەو لەو شانۆگەرییەدا ئەكتەرانی چوار وڵاتی ناكۆكی كۆكردوونەتەوە، ئیسرائیلی و فەلەستینی لەلایەك و تورك و ئەڵمان لەلایەكی دیكە.



ئیحسان عوسمان لەم بارەوە دەڵێ: حكومەتی ئەڵمانیا و شانۆی نیشتمانیی ئەڵمانیا ٤٠٠ هەزار یورۆی بۆ ئەم شانۆگەرییە دابین كردووە و بە نیازین لە ناوەڕاستی مانگی ئاب هەموو ئەكتەران و ستافی ئەم شانۆگەرییە لە ئەستەنبوڵ كۆببنەوە بۆ دەستپێكردن بە پرۆڤەكان.یەكەم نمایشی شانۆگەرییەكە، رۆژی ٢٠١٧/٩/١٣ لە بەرلین دەبێت، دواتریش لە ئیسرائیل، توركیا و فەلەستین. بەڵام خەونی ئیحسان ئەوەیە هەمان شانۆگەری لە كوردستانیش نمایش بكات.

پەیامی ئەم شانۆگەرییە مژارێكی گەرمی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپایە. ئیحسان عوسمان دەڵێت: «شانۆگەرییە باس لە كۆچبەران دەكات. دەمانەوێت بە هەموو ئەو وڵاتانەی بەرهەمهێنەری چەكن بڵێین، كاتێك ئێوە چەك بە وڵاتە دیكتاتۆرەكان دەدەن، ئەوە لەبەرامبەر ئەوەدا ئاوارە و كۆچبەر رووتان تێدەكات، واتە ئەگەر چەك بچێنی، ئاوارە و كۆچبەر دەدوورییەوە، بۆیە پێویستە وڵاتە زلهێزەكان بەچاوێكی باشتر لە كۆچبەران بڕوانن».



ئەم دەرهێنەر و شانۆكارە كوردەی دانیشتووی ئەڵمانیا، بڕیارە بەشداری لە كارێكی دەرهێنەری ناوداری ئەمریكی رۆبەرت وێڵسن بكات، ئیحسان دەڵێت « جگە لە دەرهێنان هەندێ جاریش وەكو ئەكتەر بەشداری لە شانۆگەریدا دەكەم، وەكو ئەكتەر بەشداریم لە كارێكی دەرهێنەری ناوداری جیهانی رۆبەرت وێڵسندا كردووە كە بەناوی بورجی بابلە و بڕیارە لە مانگی نۆڤەمبەری داهاتوو لە فرانكفۆرت نمایش بكرێت».

رۆبەرت وێڵسن یەكێكە لە دەرهێنەرە ناودارەكانی جیهان، هەمیشە كارەكانی بەچاوێكی بەرز سەیر دەكرێت و دەنگدانەوەی جیهانی دەبێت، ئیحسان لەبارەی رۆبەرت دەڵێت «رۆبەرت باشترین دەرهێنەری جیهانە، هەموو كارەكانی ئەو پێشوازییەكی باشیان لە ئەمریكا و ئەوروپا لێدەكرێ».

ئەوە دوا كاری ئیحسان نابێ لەگەڵ ئەو دەرهێنەرە ئەمریكییە، ئیحسان دەڵێت :»لەگەڵ ئەو دەرهێنەرە









# ـــــــی نیشتمانیی ئەڵمانیدا کۆدەکەینەوە

لە گفتوگۆداین بۆ ئەوەی کارێکی شانۆیی لەسەر کورد بکەین کە نزیکەی ٥٠٠ هەزار دۆلاری دەوێت، بۆیە لەوانەیە لەگەڵ شانۆی نەتەوەیی ئەڵمانیا ئەم شانۆگەرییە پێشکەش بکەین».
رۆبەرت وێلسن ساڵی ١٩٤١ لە ئەمریکا لەدایك بووە، یەکێکە لە شانۆکار و دەرهێنەرە ناودارەکانی ئەمریکا، هاوکات وەکو راهێنەرێکی سەما لەگەڵ چەندین گۆرانیبێژ و ئەکتەری هۆڵیوود کاری کردووە، لەیدی گاگا یەکێکە لەو گۆرانیبێژانەی کە لەسەر دەستی رۆبەرت سەما فێر بووە.
ئیحسان عوسمان، خەڵکی شاری دهۆکە و لەساڵی ١٩٩١ەوە لە ئەڵمانیا دەژی، بەهۆی ئەو کارانەی لەماوەی رابردوودا پێشکەشی شانۆی ئەڵمانیی کردووە، بووەتە هەڵبژێردراوی شانۆی نەتەوەیی ئەڵمانیا، بەتایبەتی دوای ئەو ئۆپێرایەی لەسەر شانۆکانی ئەڵمانیا پێشکەشی کرد کە لە رۆمانەکانی سەلمان روشدی وەریگرتوون و چەندین ئەکتەری کوڕ و کچی ئەڵمانی بەشدارییان تێدا کردووە.

ئیحسان هەر بە ئەندامبوون لە شانۆی نیشتیمانی ئەڵمانیا نەوەستا، بەڵکو توانی ببێتە ئەندامی پەیمانگەی شانۆی جیهانی (İTi) کە سەر بە رێکخراوی یونسکۆیە. ئیحسان رەزامەندی پەیمانگەکەی وەرگرتووە کە شانۆکارانی دیکەی کوردیش ببنە ئەندامی.
ئیحسان عوسمان دەڵێت: «هەرچەندە لە پەیڕەو و پرۆگرامی ئەو رێکخراوەی یونسکۆدا هاتووە کە تەنیا دەوڵەتی سەربەخۆ دەتوانن ببن بە ئەندام، بەڵام توانیمان بە پشتگیری وڵاتانی رۆژئاوا وەك ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، نەمسا، هۆڵەندا و لۆکسەمبۆرگ و چەندین وڵاتی دیکە، هەروەها بە پشتگیریی راستەوخۆی سەرۆکی ئای تی ئای بەڕێز بیانکونە، سەرەڕای دژایەتیکردنی تورکیا و سووریا و ئێران، بەڵام کوردیان بە ئەندامی کارا وەرگرت».

پەیمانگەی جیهانی بۆ شانۆ « International Theatre Institute ITI» رێکخراوێکی جیهانییە بۆ شانۆکاران، سەر بە رێکخراوی یونسکۆیە، لە ساڵی ١٩٤٨ دامەزراوە، تاوەکو ئێستا زیاتر لە ٩٠ وڵات تێیدا ئەندامن، ساڵانە کەسایەتییەکی شانۆکاری دیاری دونیا، پەیامی ساڵ دەنووسێت.
رێکخراوەکە ساڵانە دەیان فێستیڤاڵی جیهانی سازدەکات.
ئیحسان هەروەها دەڵێت: «بڕیارە لە ناوەڕاستی مانگی تەمموزی ئەمساڵ لە ئیسپانیا کۆنفرانسی پەیمانگەی شانۆی جیهانی بەڕێوەبچێ، کورد وەك هەموو ئەندامانی دیکە بانگهێشت کراوە و ئاڵای کوردستان هاوشانی ئاڵای وڵاتانی بەشداربوو دادەنرێت، لەگەڵ ئەوەشدا شانۆکارانی کورد مافیان هەیە خۆیان بۆ سەرۆکایەتی ئای تی ئای، کە سەر بە رێکخراوی یونسکۆیە کاندید بکەن».



# نوێترین فیلمی ئەنجلینا بێزاری دەکات





دوای جیابوونەوەی ئەنجلینا جولی و براد بێت گرفتەکانی ئەم خانمە ئەکتەرە روویان لە زیادبوونە و ئێستا لە بێزارییەکی بێ وێنەدان دەژیت و کاردانەوەکانیشی بەرامبەر بە بارودۆخی ژیانی خۆی زۆر توندن، بەتایبەتی لە کاتی وێنەگرتنی دیمەنەکانی نوێترین فیلمەکانی بە ناوی (فێرست زە کێڵد مای مەزەر) و لەو گرتەیەی تایبەت بوو بە دزینی پارەی منداڵە هەژارەکان.

ئەنجلینا کە لە هەمان کاتدا دەرهێنەری فیلمەکەیە لەم بارەوە دەڵێ: پێویستمان بە منداڵێك بوو بۆ ئەوەی رۆڵی سەرەکیی پێ بدەین لە فیلمەکە، بۆ هەڵبژاردنی ئەم منداڵە بەر لە وێنەگرتن کۆمەڵێك پارەمان لە پێش منداڵەکە دادەنا و پێمان دەگوت ئەگەر ئەم پارانە هی تۆ بن چۆن خەرجیان دەکەی، دواتر کە دەست بە نواندن کرا رێگامان پێیدەدا پارەکە ببات منیش وا خۆم نیشان دەدا کە منداڵەکەم گرتووە، بۆیە منداڵەکە ناچار دەبوو درۆ بکات بە هۆی دزینی پارەکە، بەداخەوە زۆر کەس ئەم پرۆڤەیەیان وا لێکدایەوە وەك ئەوەی بڵێی سیناریۆیەکی راست بێت.

ئەنجلینا کە باڵیۆزی نەتەوەیەکگرتووەکانە بۆ کاروباری پەنابەران زیاتر وتی: لە کۆتاییدا کچێکمان هەڵبژارد بە ناوی سری موخ کە کچێکی هەژارە و لە راستیدا پێویستی بە پارە بوو بۆ خەرجی ناشتنی باپیری.

# عالیا بە نیاز بوو ژیانی خۆی بخاتە مەترسییەوە

ماوەی چەندین ساڵە ناوچەی کشمیر بۆتە هۆکاری ناکۆکیی نێوان هەردوو وڵاتی هیندستان و پاکستان و خەڵکی ئەم ناوچانە بوونەتە قوربانی، هەروەها هونەرمەندانیش زۆرترین زەرەرمەندی ئەو ناکۆکییە سیاسییەن، چونکە ئەو ناوچەیە شوێنێکی دڵرفێن و سروشتێکی جوانی هەیە کە زۆر گونجاوە بۆ وێنەگرتنی فیلم، بەڵام لێیان قەدەغە کراوە.

خانمە دەرهێنەر میجنا جولزار بە نیاز بوو نوێترین فیلمی خۆی لە کشمیر وێنەی بگرێت، چونکە بەشێکی زۆری سیناریۆی ئەم فیلمە پەیوەندیی بەو ناوچەیەوە هەیە، بەڵام پێیان راگەیاندووە کە ناتوانی ئەم کارە بکات بە هۆی ئاڵۆزی بارودۆخی ئەمنی لەو ناوچەیە ئەمەش وایکردووە ئەکتەرەکان پاشگەز ببنەوە لە گەشت کردن بۆ ئەو ناوچەیە،سەرەڕای ئەوەش عەلیا بهاتی خانمە ئەکتەری هیندی رەزامەندی دەربڕیوە بچێتە ئەم ناوچەیە هەرچەندە ئەمە ژیانی دەخاتە مەترسییەوە.

چەند سەرچاوەیەك رایانگەیاند کە لەسەر داوای دەرهێنەر عەلیا ناچارە ئەو دیمەنانەی پەیوەندییان بە کشمیرەوە هەیە لە ستۆدیۆیەکی تایبەت لە مۆمبای وێنە بگرێت و زۆریش دڵگران بووە بەو بڕیارە، بەڵام ناچار بووە ئەم کارە بکات.

فیلمە نوێیەکەی میجنا گولزار بە ناوی (رازی)یە و لە پاڵەوانیەتی عەلیا بهات و فیکی کوشالە.

# کیم بە دزی تۆمەتبار دەکرێت



کیم کارداشیانی ئەستێرەی تەلەفزیۆنی واقع و خوشکەکانی ناوبانگێکی زۆریان پەیدا کردووە، بەهۆی کارەکانیان لە هەمان کاتدا بەردەوام پروپاگەندەی جۆراوجۆر دەربارەیان بڵاودەکرێتەوە و لێرە و لەوێ وێنە ئابڕووبەرەکانیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو دەکرێتەوە و بابەتی زۆریان لەسەر دەنووسرێ، لە هەمان کاتدا بە زۆر تاوانیش تۆمەتبار دەکرێن.

دوایین تۆمەت کە ئاراستەی کیم کراوە دزییە، دوای ئەوەی کەسێك بە ناوی هوشمەند هارونی لە دادگا سکاڵایەکی دژی کۆمپانیای («کیمیسابرینسس) کە خاوەنەکەی کیم کارداشیانە بەرز کردۆتەوە و بە دزینی داهێنانێکی خۆی تۆمەتباری دەکات و داوای قەرەبووی ماددی دەکات. هۆشمەند لە سکاڵاکەیدا دەڵێ: کۆمپانیاکەی کیم ریکلامی بۆ میمۆری (لۆمی)ی تایبەت بە مۆبایلە زیرەکەکان کردووە کە گلۆپێکی بچووکی هەیە بۆ یارمەتیدانی بەکارهێنەرانی لە کاتی کێشانی وێنەی سێڵفی، بەڵام پێشتر هۆشمەند داهێنانەکەی بە ناوی خۆی تۆمار کردووە و لە ساڵی ٢٠١٣ ئیمتیازەکەی بەخشیوە بە کۆمپانیای سناپلایت.

بۆ قەرەبووکردنەوەی لەو زیانەی کە لە ئەنجامدا بە کۆمپانیای سنپلایت کەوتووە، هۆشمەند داوای بڕی (١٠٠) ملیۆن دۆلاری ئەمریکی دەکات لە کۆمپانیای کیم وەك قەرەبوو، بەڵام تا ئێستا دادگا بڕیاری کۆتایی لەو بوارەوە نەداوە.

